# شیعری وێنەیی و تەکنیکی نوێ
## لای قوبادی جەلیزادە

پ. د. عثمان حمد خضر دەشتی
زانکۆی کۆیە – فاکەڵتی پەروەردە
بەشی کوردی

م. ی. زاهیر اسماعیل سعید
بەڕێوەبەریەتی پەروەردەی
ڕاپەڕین

**پێشەکی:**

شیعری وێنەیی یەکێکە لەو سیما نامۆیانەی، کە ئەمڕۆ لە دنیای شیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، گەرچی لە ئەوروپا دەمێکە لەباو دایە و بووتە دیاردە و زۆرێک لە شاعیران ئەو ڕێچکەیان گرتووەتەبەر. شیعری وێنەیی گۆڕینی نووسینە بە نرخاندنێکی بەرزی وێنەیی جوان و لێکدانەوەیەکی ئیستاتیکی. ئەم داهێنانەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی ( دادایی و سوریالییەکان ) بەم هونەرە، کەوەک بزوتنەوەیەکی شیعری و هونەری تەشکیلی دەرکەوتن.

دەکرێ سەرەتاکانی ئەم ئەزموونە شیعرییە لە ئەدەبی کوردیدا بگێڕینەوە بۆ کۆمەڵێ شاعیری نوێخوازی شاری هەولێر، کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا دەستیان پێکردبوو، لە ساڵی نەوەتەکاندا لەگەڵ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ( وێران )دا ئەم دنیا سەیر و سەمەرە گەیشتە لوتکەی داهێنانی خۆی. هەوادارانی ئەم جۆرە شیعرە، ئێستاش لە داهێنانەکانیان بەردەوامن. ( قوبادی جەلیزادە ), کە یەکێک بوو لە بەشداربوانی گۆڤاری وێران، لە هەوڵی بەردەوام دابووە لە بایەخدان بەم ئەزموونە تەشکیلییە بۆ ئاشناکردن و ڕاهێنانی خوێنەرە بە ستایلێکی ئیستاتیکی سەرنجڕاکێشی جوان. گرنگیدان بە هونەری تەشکیلی ( وشە و وێنە ) لە هۆنراوەی سەردەمدا، گرنگیدانە بە خوێندنەوەی هۆنراوە لە ڕێگەی بینین و بیستنەوە. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لاواز و لێکترازانەی کە لە

نێوان شاعیر و خوێنەردا دروستبووە، کە بەر لەوە هۆنراوەی کوردی تەنیا بەرگێکی دارشتنی بە بەرداکرابوو.

ئەم باسە هەڵێکی رەخنەیی – تیۆری - پراکتیکیە و لەم گۆشە نیگایەوە تیشک دەخاتە سەر چەند لایەنێکی ئەم تەکنیکە تازەیە لە دوو دەقی شیعری قوبادی جەلیزادەدا، باسەکە لە پێشەکی و دوو تەوەری سەرەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان و دوو پوختەی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.

**تەوەری یەکەم/**

**پێشینەیەکی مێژووی تیۆر و پێرەوکردن لە هونەری شێوەکارییەوە بۆ شیعری وێنەیی:**

وێنەکێشان، کۆنترین هونەرە لە مێژووی ژیانی کۆمەڵگاکانی دنیادا، رەنگدانەوەیەکی ئاشکرای هەیە، لەسەر سەرجەم هونەرەکانی دیکەدا بەتایبەتی شیعر، چونکە سروشتی وێنە و شیعر وا خولقاوە کە رادەی نزیکایەتی و رەنگدانەوەیان بەسەر یەکتردا هەبێ، هەر بۆیە تابلۆ و شیعر زیاتر لە هەموو هونەرێک دەبنە سەرچاوەی بەهرە بۆ یەکتری. دەکرێ سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری وێنەیی بگێرینەوە بۆ پێش زایین، لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە دەست پێکات. کۆنترین کەسێک کەباسی لە پێوەندی نێوان شیعر و شێوەی کردبێت لەنێو یۆنانییەکان بووە، (( فەیلەسوفی یونانی" سیمونیدس کیوس" ( ٥٥٦ – ٤٦٨ پ.ز )، دەڵێت: شیعر وێنەیەکی قسەکەرە، وێنەش شیعرێکی بێدەنگە)) (مكاوي، ١٩٨٧، ١٥ ). کۆنترین دەستەواژەی رەخنەیی لەئاست ئاوێتە بوونی نێوان شیعر و وێنەدا گوترابێت، (( ئەم بۆچوونەی ( هۆراس )ە، کە لە کتێبەکەیدا ( هونەری شیعر )دا هاتووە و دەڵێ: شیعر وێنەیەکی دوێنەرە و وێنەش شیعرێکی بێدەنگە )) ( عبيد، پێگەی ئەلکترۆنی ).

لە ناو عەرەبەکانیشدا زانا و حەکیمی گەورە ( جاحظ ) رای وابووە شیعر جۆرێکە لە چنین یان، رەگەزێکی وێنە کێشانە لە زۆر شوێنی تر راشکاوانەتر لێکی نزیک کردوونەتەوە و وتوویەتی (( شیعر وێنە کێشانە بە وشە )) (عبيد، سەرچاوەی پێشوو). ئەگەر بمانەوێ بە دوای دەستپێک، یان سەرهەڵدانی ئەو وێنە و شێوانەی کە بەهۆی نووسینی وشەوە بەمەبەستێکی ئیستاتیکی

نووسراون. دەکرێ سەرەتای ئەم وێنە ئیستاتیکیانە بگێڕینەوە بۆ زەغرەفە و نووسینی (( کوفەیی )) لە ڕێنووسی عەرەبی دا، کە پڕە لە زەخرەفە و جۆرە نووسینی هەندەسی کە لە کوفەییەکان بەجێماون ( جلال، ١٩٩٨, ٢٠٣ ). ڕەنگە ئەمە کۆنترین نووسراوبن، کە دەکرێ بکرێن بە سەرچاوەیەک لەسەرچاوەکانی هێنانە ئارای بیری شیعری وێنەیی یان ئەندازەیی. بێگومان ئەوروپاییەکان بەهۆی بازرگانی، یان بەهۆی شەڕ و داگیرکارییەوە، زەغرەفەی ئیسلامی و شێوە نووسینی ( کوفە )بیان بینیوە، یان ئەو شێوە نووسینانەی ( بسم الله الرحمن الرحيم )یان بینیوە و سەرنجیانی ڕاکێشاوە، کە خۆشنووسانی عەرەب لەسەر شێوەی تاوس، کۆتر، یان قاز.. بۆ ڕازانەوە و جوانی نووسیویانە.. لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێبازی دادایی و سوریالی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەمان هاتوون لاساییان کردوونەتەوە و وێنە شیعرییەکانیان لەو زەخرەفە و شێوەی نووسینی کوفەیی و جۆرەکانی تری خۆشنووسیی عەرەبی, وەک سولس ( ثلث ) و توغرە هەڵێنجاوە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم دوو سەرچاوەیە ( زەخرەفە و شێوە خۆشنووسی کوفەیی ) سەرەتایەکی کۆن و ڕەسەنن بۆ سەرهەڵدانی ئەمجۆرە هونەرە..

شیعری وێنەیی یا شیعری, کە بەم ناو و زاراوانەش دەناسرێت: ( شیعری بینراو, شیعری بەرجەستەیی، شیعری کۆنکریتی و ئەلەکترۆنی ). لەم بارەیەوە ڕەخنەگری ئینگلیزی ( یۆری لۆتمان ) دەڵێت: (( ئەمجۆرە شیعرە کە بریتییە لە دیمەنێکی دیتەنی و بینراو، هێز و جوانییەکی نوێ دەبەخشێتە بونیاتی شیعر و چاوی خوێنەر زاخ دەدات و سەرنجی ڕادەکێشێ بۆ ئەو ئاسۆ و پانتاییە فراوانە شێوەکارییەی کە لە ڕوانینێکی شاعیرەکەدا هەیە)) ( جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٣ ). گرنگی دان بە وێنە لە هۆنراوەدا بۆ مەبەستی جوانی و گەیاندنی پەیامی شیعرە، چونکە وێنە پەیوەندییەکی تێکئالاوە لەنێوان ژیری و زماندا، کە بە هۆی چاوەوە دەگوازرێتەوە بۆ پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرا. (( وێنەی باش لە گوزارشتی نزیکەوە تێدەپەڕێتە سەر گوزارشتی قووڵ و بەهێز و کاریگەر، وێنە بەهایەکی نوێ بە سیاقی هۆنراوە دەدات لە پێکهاتە و شێوەدا، کە هەستێکی پێشبینی کراوی بەرز و کامڵبوو لە هۆنراوە

نیگـارکـارییەکەدا بەدی دەکریّ)) ( هـدى، ٢٠١٢، ٨٦ ). بەو هۆیەوە کەوا (( پەیوەندییەکی سیحری شاراوە لە نێوان شیعر و هونەری تەشکیلیدا هەیە)) ( مكاوي، سەرچاوەی پێشوو، ١٥ ).

مەســـەلەیەکی بـاوەڕپێکراو و بڕاوەیە کەوا وێنە و نیگـارکـاری زمـانێکی جیهـانییە، چونکە هەموو کەســـێک بێ جیاوازی ڕەگەز و زمـان و نەتەوە و شوێن تێیدەگات. هەر بەم پێیەش (( دەقی نیگاکاری بە زمانی هێڵ و ڕەنگەوە بۆمان دەدویّ، ئەمجۆرە هونەرە تاقە مێژوویەکی ڕاســـتگۆی مرۆڤە... لەگەڵ ئەوەی سیمای نیشتمانەکەی پێوە دەبیّ، بەڵام زمانێکە هەموو مرۆڤایەتی تێی دەگات )) ( ســلێمان، ١٩٨٧، ٨ ). ئەنجا هەر تابلۆیەک، جا تابلۆی وێنەکێشـــێکی کورد، فارس، عەرەب، فەرەنسی، یان ئەڵمانییەک بێت، کاتێک بەرامبەر کۆمەڵێ بینەر دایبنێیـت، بینەرەکـان بە یەک زمـان دەیخوێننەوە و بۆچوونی خۆیـان لادروســت دەبیّ، واتە لە ســاتی خوێندنەوەی تابلۆکەدا زمانیان دەبیّ بەیەک، ئەویش زمـانەجیهـانییەکەی نیگارکارییە. بەواتـایەکی ڕوونتر زمـانی چاوە کە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ تـابلۆکەدا. (( ئەو زمــانە جیهــانییەی کە بە هۆی تێکەڵاوبوونی هێڵ و ڕەنگ و چەند شـتێکی تر لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا بەرهەم دێت. هەر بۆیەشـــە ( فەرهاد پیربال )، دەڵیّ: شـــیعر لای من پێش هەموو شتێک، خۆی تێکەڵ بە( وێنە ) یان ( تابلۆ ) دەکات )) ( تاهیر، ١٩٩٩, ٢٢٣ ). کەواتە پەیوەنـدییەکی ســـیمیۆلۆژی لە نێوان دانە زمـانییەکـان و ئـامـاژە بۆکراوەکاندا پەیدادەبێت، چونکە (( سـیمیۆلۆژیای وێنەیی، وێنەیەکە بە ڕێگای نازمانی دروست دەبێت، هەبوونی خۆی لە نێو شیعری شاعیراندا ڕادەگەیەنیّ )) ( تاهیر, ٢٠١٤، ٣٣ ). هەروەکو ( هاشـــم ســـەڕاج )ی شـــاعیر لەبارەی ئەم هونەرەوە, دەڵیّ: (( لە دەقە ســـیمیۆلۆژییەکـاندا چەندین پارچە کرســـتاڵی ڕەونەقداری مۆزاییکی هەڵدەڕژێت و هاوکات تێکەڵ بە هەســـت و ڕۆح دەبن، ئەمەش پەیوەندی بە کۆمەڵێک حاڵەتی شـــیعرییەوە هەیە کە تایبەتمەندن )) ( ســـەراج، ١٩٩٨، ل ). چەند هونەرێکی تریش هەن زمانێکی جیهانیان هەیە وەکو: (( مۆسیقای مۆسیقاژەنێک، یان سەمای سەماکەرێک, کە لەیەک کاتدا بە هۆی هونەرەکـانیـانەوە دەتوانن وەک نوێنەر و بەرهەمهێنەر، پەیـامێکی هونەری

بگەییەنە ملیۆنەهـا كەسـی سـەر بە ڕەگەز و وڵات و نەتەوەی جیـاواز، هەمووشـیان بەبێ جیاوازی لە ڕەگەزی مۆسـیقا و سـەماكە تێدەگەن. لێرەدا ئەوانەی سوود لە هونەری وێنە و هێڵ دەبینن، لە ناویاندا وشە و هێڵ و وێنە تێكەڵاودەبن. هەرچی وشـەكەیە كە بڕبڕەی شـیعرە كەم دەبێتەوە و ڕێگا بۆ هێڵ و وێنە خۆش دەكات تا هێزی خۆی بەسـەر كاغەزدا بڵاوبكاتەوە )) ( بەرزنجی, ١٩٩٦, ١٠-١١ ). نموونەی لەم جۆرە دەقەش لای شـاعیرانی كورد، لە وێنەی: ( نەوزاد ڕەفعەت، عەباس عەبدوڵڵا یووسـف, فەرهاد پیرباڵ، قوبادی جەلیزاد ... ) زۆرە.

شـیعری ( بینینكاری – وێنەیی ), یان بەواتایەكی تر كۆنكرێتی, دیاردەیەكە ئەمڕۆ لە جیهانی ئەدەبدا و لەسـەرتاسـەری دنیادا بڵاوە, ئەزموونكاری یەكەمین كەسـانێك كە ئەم هونەرەی بەرجەسـتە كردبێت دەگەڕێتەوە بۆ (( سـاڵی ١٩٥٣ شـاعیری سـویدی ( ئویفند فاهلسـتروم ) كۆمەڵە شـیعرێكی كۆنكرێتی بڵاوكردووەتەوە و پێشـەكییەكی بۆ ئەم دیوانە بەناوی ( بەیاننامەی شیعری كۆنكرێتی ) یەوە نووسیوە )) ( بەرزنجی, ١٩٩٩, ١٨٤ ).

هونەری كۆنكرێتی پەیوەنـدی بە واقیعەوە نییە، هونەرێكی هێمـاییە، گوزارشـت لە سۆز و هەست و شعورەوە ناكات، وشەی كۆنكرێت كە لەزمانە ئەوروپییەكاندا بەمانای ڕوونی دێت لە نووسـین و ڕەنگ. (( لەم هونەرەدا بیرۆكەی مرۆڤانەی زۆر بەرز و بێلایەنانە دەردەكەوێت. كە بە شـۆڕشـێكی بێدەنگ دەچێت، كە دەبیسـترێت و دەیەوێت بە چاوێكی تر تۆ ببینی )) ( حمداوي, ٢٠٠٩, ١ ). واتە: دەنگ ناخی ڕەنگ دەردەبڕێت و ڕەنگیش دەبێتە گفتوگۆی ناخ، لەمەوە (( شـیعری بێدەنگ, ریتم و ئاهەنگەكەی، سـروشـتی ڕەوانبێژی و بنیاتی هۆنراوەكەیەتی، كە لەیەك كاتدا دەبنە زمان و گفتوگۆ لەگەڵ ناخی خوێنەر و بینەردا دەكەن )) ( السامرائي، ٢٠١٤, ٧ ). هەر ئەمەشە وا دەكات، كە بۆ یەكەم جار لە وێنەوە خۆمان بخەینە ئامێزی شیعرەوە.

شـیعری وێنەیی/ كۆنكرێتی, بریتییە لە بەیەكداچوونی دوو هونەر، هونەری شـیعر و هونەری شـێوەكاری، لە كاتی خوێندنەوەدا چاویش بە خێرایی دەخرێتە گەڕ. لەمجۆرە شیعرەدا شاعیران خۆیان سەربەستن چی دەنووسن.

هەروەکو ( رینیە ویلک ) دەڵێ: (( شیعر چۆن بۆ گوێ دەنووسرێ، ئاواش بۆ چاو دەنووســـرێ )) ( گەردی, ٢٠٠٤, ١١٣ ). ئەم دوو لقەی داهێنان ( هونەری شـیعر و هونەری شـێوەکاری ) یەکانگیری یەکتر و ئاوێتەی یەکترین. کەواتە تازەکردنەوەی چێژی ئەدەبی پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە تازەکردنەوەی چێژی هونەرییەوە هەیە. هەروەکو ( فەرهـاد پیربـاڵ ) دەڵێ: (( تۆ یەکەم جار چاوت شــــت دەبینی، ئینجـا بیری لێ دەکەیتەوە و دەینووســـــی، کەواتە هەوڵـدان بۆگۆڕینی ســـیســـــتەمی بیرکردنەوە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ســـیســـــتەمی چێژ وەرگرتن، بۆیە پێویســـــتە لەســــەرەتادا لە چاوەوە دەســــت پێ بکرێ )) ( کوردســـــتانی نوێ, ١١/٢٥/ ١٩٩٤ ). واتە ئەوجۆرە تەکنیکەیە کە تێیدا شــــێوە و نـاوەرۆک لە بنیـاتی ( نـاوەوە و دەرەوە )دا بەتەواوەتی ئـاوێتە بوون، یـان ئیســـــتاتیکای هونەری شـــــێوەکاری بووبێتە پێکهاتەیەکی گرنگی دەربڕینی شـیعری. لەوانەیە لەمجۆرە هونەرە شـیعرییەدا نیگارکاری ڕووبەرێکی زیاتر داگیربکات و ڕووبەری وشــــە کەمتربێتەوە. لێرەدا لایەنە شــــێوەکارییەکە – وەک ڕەگەزێک – بەســـەر شـیعرا زاڵدەبێت، بە مانایەکی ڕوونتر شـیعر کەم دەبێتەوە و شـێوەکاری زیاد دەبێت، یاخود بەپێچەوانەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری سەرکەوتوو لە هۆنراوەی نیگارکاریدا.

ئەم مۆدێلە لەشــــیعر لە ئەدەبیـاتی ئەوروپیـدا دەمێکە بۆتە ڕەوتێـک و بڵاوبۆتەوە، بە تایبەتیش لەگەڵ ســەرهەڵدانی قوتابخانەی فوتۆریســم ( ئاییندە خوازی ), ئەنجا دواتریش لای دادایی‌یەکان و ســـوریالییەکان, ئەم یەکانگیری و تێکداچوونە لە نێوان شــــیعر و وێنە دا تەکـانێکی تونـد و بەهێزی بەخۆیەوە بینیوە .

لەتوانادا هەیە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی شـیعری وێنەیی/ کۆنکریتی, لەم چەند خاڵەدا خەست و چڕ بکرێتەوە:

١- تەرکیز دەخاتە سەر ئەوەی کە چاو و گوێ لەیەک کاتدا چێژی لێوەربگرن, بەواتا هۆنراوەیەکی بینراو و بیستراوە و لەبەرامبەر خوێنەردا لەهەمانکات بە زمان و بە چاو خۆی دەردەخات.

٢- هۆنراوەیەكی شوێنی و فەزایی و ئەندازەیی پێكەوەلكێنراوە, كات و شوێن بەیەكەوە كۆدەكاتەوە.
٣- ئەمجۆرە هۆنراوەیە لەسەر سێ بنەما بنیات دەنرێت؛ قەوارەیەكی زمانەوانییە، خاوەن ئەدگارێكی پێكەوە لكاوی هەیە لە نێوان وشە و وێنەدا, سیمایەكی ئایكۆنی/ ڕەمزی هەیە.
٤- كۆكردنەوە و ئاوێتەكردنی، ( شیعر و خۆشنووسی و نیگاركێشییە ) لەیەک هونەردا. ( حمداوي, ٢٠٠٩،١٠ ).

**تەوەری/ دووەم:**

**ئەدەبی نوێخوازی كوردی و شیعری وێنەیی:**


سێ کاتی دژ

( ١ )

سبەینێ
کە هاتمە دەرێ
دڵم زەنوێری چیابوو
سەدان تەرزە گوڵی دابوو
کەچی لە ڕێگا هەر تابلۆ و سیمایەکی گرژم دەدی
گوڵێکی جوانم دەوەری
تا ئێوارە زەنوێری دڵ
هەموو گوڵەکانی قرتا
تاقە گوڵێکی تیا نەما
خۆشەویستێک
بۆنی بکات

شیعری وێنەیی یەكێكە لەو سیما نامۆیانەی كە ئەمڕۆ لە دنیای شیعری كوردیدا بەرچاو دەكەوێت، گەرچی لە ئەدەبی جیهانیدا دەمێكە لەباو دایە و بووتە دیاردە و زۆرێك لە شاعیران ئەو ڕێچكەیان گرتووەتەبەر. دەكرێ سەرەتا و دەستپێكی ئەم ئەزموونە هونەرییە لە ئەدەبی كوردیدا، بگێڕینەوە بۆ دیوانی ( لم نیازمە ) ی عەباس عەبدوڵڵا یووسف, كە لە ساڵی ١٩٧٨ دا و لە چاپخانەی كوردستان لە هەولێر چاپكراوە. كە بەڕادەیەكی كەم و دەگمەن

ئەم ئەزموونە خۆكارانە بەرچاو دەكەوێت، لە وێنەی ئەم ڕستە شیعرییەی لە چامەكەدا هاتووە:

(( ها چیت ⟵ بیست بێدارم ...)) ( یوسف, ١٩٧٨, ٩ ). بەڵام بە شێوەیەكی پڕاكتیكی و بەرچاو دەشێ بگوترێت كەوا یەكەمین دەقی شیعری وێنەیی لە ئەدەبی كوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ( نەوزاد ڕەفعەت )ی شاعیر, كە لە ساڵی ١٩٨٧ شیعرێكی بەناونیشانی ( سێ كاتی دژ ), لە گۆڤاری ( كاروان ) دا بڵاوكراوەتەوە كە لە شێوەی سەڵیبێكدایە و باس لە هەڵوەرینی گوڵێك دەكات. ( ڕەفعەت, ١٩٨٧, ٣٠ )

دەكرێ بڵێین هەر لەساڵەكانی هەشتاوە هەوڵی نوێخوازی لەلای كۆمەڵێ شاعیری نوێخوازی هەولێر، لەوانە ( هاشم سەراج، ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوللا یووسف, قوباد جەلیزادە، فەرهاد پیر باڵ، نەوزاد ڕەفعەت و سەلاح عومەر.. ) بەرچاو دەكەوێت، ئەم دەستە شاعیرە لەو ساڵانە ( ١٩٨٣ و ١٩٨٤ ), گۆڤارێكیان دەركرد بەناوی ( هاودەنگ )، كە تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچوو. لەدواتر بۆچوونی بەشداربووان لەهەمبەر ئەم بزاڤەی خۆیان و گۆڤارەكەیان ئەوە بوو كەوا: (( نەیانتوانی ببنە بەشێكی كاریگەرو دیار لەناو ناوەندی ئەدەبی و ڕوشنبیری كوردیدا، بەڵكو ئێستاش تەنیا لە یادەوەری نووسەران و ئەدیبانی گۆڤارەكەدا بوونی هەیە )) ( میرە, ٢٠١٢, ١٧٥ ). چونكە بارودۆخی سیاسی و ناكۆكییەكانی نێوان دەستەی نووسەران ڕێگر بوون، كە ئەم گۆڤارە ببێتە ئۆرگانێكی نوێخواز و باوی سەردەم، بۆیە هاودەنگییەكان كاریگەرییەكی ئەوتۆیان نەبوو بەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ئەدەبی كوردییەوە كە بە دوای تەكنیك و فۆڕمێكی تازە لە ئەدەبدا وێڵبوون, هەر بۆیە گۆڤارەكەشیان, بە بێدەنگی لەدایك بوو، بەبێدەنگیش سەری نایەوە.

هەر لەو سەردەمەدا, عەباس عەبدوللا و جەلال بەرزنجی و دڵشاد عەبدوللا, (( هەوڵیاندا پێكەوە نامیلكەیەكی شیعریی, هزری نوێخوازی بڵاوبكەنەوە و ناوی بنێن ( سێ )و, ئەو نامیلكەیە وەكو زنجیرەیەك بەردەوام بێت تا ئەو كاتەی نووسەران و شاعیرانی دیكە زیاد دەبن، پاشان ناونیشانی نامیلكەكە بەپێی ژمارەی بەشداربووان زیاد ببێت )). ( زیاب, ٢٠٠٥, ٥٥ )،

بەڵام ئەو هەوڵەی ئەوانیش سەری نەگرت، چونكە لە سانسۆری رژێمی بەغدا لە ناوەڕاستی سالانی هەشتادا ڕەتكرایەوە. واتە هەر لە سەرەتای سالانی هەشتاكانەوە ئەم كۆمەڵە ئەدیب و نووسەرە كەڵكەڵەی بیری نوێبوونەوە و نوێخوازیان لەسەردا هەبووە. لەگەڵ دەركەوتنی یەكەمین ژمارەی گۆڤاری ( وێران ) لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٤دا لە هەولێر, بنچینەیەكی پتەو و تازە بۆ ئەم ئەزموونە نوێیەی شیعر هاتەكایەوە، ئەم گۆڤارە بووە هاندەرێكی بەهێز و ڕچەشكێن بۆ بڵاوكردنەوەی شیعری وێنەیی, شاعیرانی ئەم گۆڤارە گۆڕانكاریان لە فۆرم و تەكنیكی ئاسایی شیعریدا كرد و وێنەی تۆبۆگرافیا و شیعری شێوەكارییان هێنایە ناو ئەدەبی كوردییەوە، ئەمەش نزیكبوونەوەی شاعیری كوردە لە نیگار و شێوەكاری كە لەبنەڕەتدا (( ئەمجۆرە دەقانە یەكێك بوو لە دروشمەكانی دادابیەكان كە دەیان وت: ( بژی داخوازی بە وشە و وێنەوە ) )) ( پیربال, ٢٠٠٩, ٣٣٥ ). هەروەكو شاعیری جوانەمەرگی كوردی رۆژهەلات ( مارف ئاغایی ) لە بارەی شیعری وێنەییەوە دەڵێ: (( ئەمڕۆ شاعیرانی گەنجی كورد شیعر بە شێوەیەكی وێنەگری دەنووسن و شەقڵی سەیر و سەمەرەی پێ دەڕوێنن. ئەم كارە لە ئەدەبی ئەورووپاوە هاتووەتە ناو ئەدەبی كوردی، سی چل ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەدەبی فارسیشدا ئەم كارە ئەنجام دراوە )) ( عەبدوڵلا, ٢٠٠٦, ٥٥ ). لێرەدا ڕوونكردنەوەیەك بە پێویست دەزانرێت, ئەویش ئەوەیە كاتێك باس لە شیعری وێنەیی دەكەین, ((مەبەستمان ئەو وێنانە نییە كە لە ڕێگەی واتا و مەغزای دانە ڕێزمانییەكان بە ڕێگەی دەستوورەكانی سینتاكس دروست دەكرێن، بەڵكو مەبەستمان لەو وێنە و فیگەرانەیە كە لەسەر پانتایی كاغەز بەجەستەی وشە و دانە ڕێزمانییەكان دەكێشرێن )) ( عەبدوڵلا, سەرچاوەی پێشوو ).

گرنگیدان بە هونەری تەشكیلی ( وشە و وێنە ) لە هۆنراوەی سەردەمدا گەڕانەوەیە بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە لاواز و لێكترازانەی كە لە نێوان شاعیر و خوێنەردا دروستبووە، كە بەرگێكی داڕشتنی بەبەرداكرابوو. گۆڕینی نووسینە بە نرخاندنێكی بەرزی وێنەیی جوان و لێكدانەوەیەكی جوانكاری. ئەم داهێنانەش سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی ( دادایی و

ســـــوریالییەکان ) بەم هونەرە و وای کرد وەک بزوتنەوەیەکی شـــــیعری و هونەری تەشکیلی دەربکەوێ.

لێرەوە دەمانەوێ لە دوو شیعری وێنەیی ( قوبادی جەلیزادە ) بدوێین. لەم دەقانەدا, دەنگەکانی زمان, ســـیحری شــــاراوە و نهێنی ئیســـــتاتیکی لە نێوان شـیعر و هونەری تەشـکیلی, ( تێکەڵاوکردنی وشــە و وێنە )دا دروســتدەکەن. ئەمە (( نیشــانەی ئەوەیە کە شــاعیری کوردی ئەمڕۆ تەنێ بە عەقڵ و عاتیفە تەماشــای دنیا ناکات، بەڵکو بینین و چاویش ئەمڕۆ دەور دەبینن لە گەیاندنی چەمکە ئیسـتەتیکییەکاندا. جاران چاو ئامرازێک بووە تەنیا بۆ کارکردنە سـەر دڵی شـاعیر خۆی، بەڵام ئەمڕۆ چاو ئامرازێکە بۆ گواسـتنەوەی کارتێکردنەکە لەلایەن شـاعیر خۆیەوە بۆ سـەر خوێنەر )) ( پیربال, ٢٠٠٤, ٨٢ ). جەلیزادە لەم هۆنراوانە دا هەوڵدەدات هەر دوو هەسـتی بینین و بیسـتن بەشداری پێ بکات لە گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێنەر.

**دەقی یەکەم/**

٨ ملیار

تەنیا، هەموو شمشێرەکان, هەموو پەتەکان، هەموو زیندانەکان
تەنیا، هەموو ئایینـەکان، هەموو کتێبەکان، هەموو پێغەمبەرەکان
تەنیا، هەموو زیندەوەر و هەموو جنۆکە و هەموو هۆشلەبەرەکان
تەنیا، ئەوانەی کە دەچنە دۆزەخ، تەنیا ئەوانەی کە دەچنە بەهەشت
خەم مەخۆ، زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر نین؛
تەنیا هەشت ملیار کەسن، هەشت
ئەوانەی من و تۆ لێک دەکەن,
زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر کەمـن زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر. ( جەلیزادە، ٢٠١٥, ١٩)

لەم هۆنراوەیەدا شـــاعیر وێنەی بێ هیوایی کێشـــاوە، وای نیشـــانداوە کە هەموو ئەو ڕێگریانەی دەبنە کۆت و بەند لە ڕێگەی گەیشـــتنی شـــاعیر بە

خۆشەویستەکەی زۆر زۆرن، واتا گەیشتنی شاعیر بەیارەکەی دەبێتە شتێکی مەحاڵ، چونکە شاعیر ناحەز و ڕێگری زۆرن.

شـــاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشـــانی هۆنراوەکەدا ســـەرکەوتوو بووە، کە بە شـــێوەی ژمارەی ماتماتیکی بەکاری هێناوە. ئەم ناونیشـــانە زۆری ژمارەی ڕێگرییەکانی بەر دەمی شـــاعیر و خۆشـــەویســـتەکەی دەردەخات، ناونیشـــانی هۆنراوەکە لەگەڵ ناوەرۆکی هۆنراوەکە تەبا و گونجاوە, شـــاعیر جگە لەوەی باســـــی هەموو ڕێگرییەکان دەکات لەم دونیایەدا، کە ڕێگری دەکەن لە نێوان خۆیی و یاردا، پاشـان دەیەوێت دڵی یار خۆشـبکات، یان دەیەوێت پێمان بڵێ، ئەگەر هەموو دونیـا و ئەوەی کە لەنـاوی دایە، ئەگەر زۆر زۆریشـــبن و ڕێگریشـبن هێشـتا لە چاو خۆشـــەویســـتی من و یار ( من و تۆ )دا, زۆرنین، زۆرکەمن، بچووکترن لە ئـاســـــت خۆشـــــەویســـــتی من و یـار، چونکە ئەو خۆشـــەویســـتییەی من و یار زۆر لەوە گەورەترە، کەبتوانن، ( من و تۆ ) لە یەک بکەن. بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی دەنگی ( ۆ ) وەک ئاماژەیە بۆ زۆری ژمـارەی ئەو ڕێگریـانە ( مرۆڤ و نـامرۆڤ، گیـانلەبەر و بێگیـان، پیرۆزییەکـان، ئەوانەی لە دونیـادان، ئەوانەی دەچنە دۆزەخ و تـاوانبـارن، ئەوانەی دەچنە بەهەشـــت و چاکەخوازن و پاداشـــت وەرگرن ). شـــاعیر پێی وایە ئەگەرچی هەشت ملیار کەس بە هەموو چەکێکی دوژمنکارانە هەوڵدەدەن شـــــاعیر و یارەکەی لێک بکەن، بەڵام خۆشـــــەویســـــتی نێوانیان زۆر لەوە گەورەترە. ئەم دووبارەکردنەوانە و هێز خســـتنە ســـەر دەنگی ( ۆ ) واتا و بەشـــە ئاخاوتنی؛ ( زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر نین ) ی گۆڕیوە بۆ زۆر زۆرن، بەڵام شـــاعیر زۆر بە کەم و بچووکیان دەبینێ لە ئاست خۆشـەویستی خۆی و یارەکەی، کە بتوانن لێکیان بکەن. ( ئەوانەی من و تۆ لێک دەکەن ) زۆر کەمن. لەنێوان زۆری ژمارەی ناونیشـانەکە ( ٨ ملیار )و, ئەندازەی درێژی هێڵی ڕێنووسـی وشـەکە و زۆری ژمارەی ( ۆ )یەکان لە ڕێنووســـەکەدا, لەگەڵ وتای بنەڕەتی وشـــەی ( زۆر نین ) کە واتای ( کەم ) دەگەیەنێ و لە حەقیقەتیشدا وانییە! جۆرێک لە پارادۆکسی ( وشەیی و وێنەیی ) خوڵقاوە, لە نێوان ڕێژەی ( ڕێگرییە زۆرەکان ) کە بەناو و وشـە دەربڕاون,

سەرباری ڕێژەی زۆری ( ۆ )ی ڕێنووسەکە کە بە هێڵ و وێنە نەخشێنراوە, لە بەرابەر ئەسڵ و مەبەستی دووری شاعیر کە دەیەوێ بیگەیەنێت, کە ئەویش بە ( کەم ) گرتن و گوێ پێنەدانی هەموو کۆسپ و لەمپەرەکانە لەبەردەم تەوژمی خۆشەویستی خۆی و یارەکەی. لە نێوان واتای یەکەم/ زۆری گرفتەکان و واتای دووەم/ بەکەم گرتنیان، کە کرۆکی هاودژی و پارادۆکسەکەیە, واتای سێیەم دێتە ئارا کە چارەسەری ناکۆکییەکە دەکات, ئەویش ئەوەیە کەوا؛ ( خۆشەویستی هیچ بەربەستێک ناناسێت ). هەروەها وشەی ( تەنیا )ی لەسەرەتای هەموو ئەو دێڕانەدا بەکارهێناوە کە باس لە دژ و نەیار و ڕێگرییەکانی دەکات. ڕەنگە مەبەست لەبەکارهێنانی ئەم وشەیە ئەوەبێت کە شاعیر خۆی تەنیایە لەبەرامبەر هەموو ئەو دژ و بەربەست و جڕ و جانەوەر و مرۆڤە چاک و خراپانەی ئەم دونیایەی کە لە دژی دەوەستن. لێرەدا شاعیر خۆی ( تەنیا )یە, بەڵام خۆشەویستییەکەی بارتەقای هەموو ئەو دژ و بەربەستە بێشوومارانەیە بەڵکو زیاتریش.

بەکارهێنان و دووبارە کردنەوەی وشەی ( هەموو ) لەسەرەتای هەموو شتە بکوژەرەکان و پەتە خنکێنەرەکان و زیندەوەران و پیرۆزییەکان و مرۆڤ و جنۆکە... . ئەوانە گشتیان دژی ئەڤین و بەیەک گەیشتنی شاعیر و یارەکەیەتی. وشەی ( هەموو ) لە ڕووی ڕێزمانییە هاوەڵناوە و بە واتای گشت دێت بچێتە سەر هەر وشەیەک, بەواتای گشتی ئەوشتە دێت بێ ئەوەی هیچ لەو شتە بەجێ بهێڵێ. واتە هیچ کەسێ، شتێ، جنۆکەیە ... نەماوەتەوە دژی خۆشەویشتی شاعیر و یارەکەی نەوەستێتەوە. ئەم هۆنراوەیە لە گشدا شێوەیەکی ئەندازەیی وەرگرتووە کە لەشێوەی ( نیمچە لاتەریب ) دایە.

لە شیعری وێنەییدا (( کاتێک شاعیر سەرنج لە تابلۆیەک، وێنەیەک، نەخش و نیگارێکی پەرستگەیەک، ... دەدات، ئەو وێنەگرتنە لە ئیلهامی نووسینی هۆنراوەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەکو چۆن وێنەکێش، شێوەکارێک، خەتخۆشێک، ئیلهامی داهێنانی خۆی لە هونەرەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە. شاعیر لە هۆنراوەکەیدا وێنە و خەتخۆشی و ڕووخسار بە خەیاڵ، بە وشە و کێش و سەروا و ئاواز وێنەدەکێشێ )) ( مکاوي, ١٩٨٧, ٩ ).

شـــاعیر لەم جۆرە هۆنراوەیەدا هەوڵدەدات کە  هەردوو هەســـتی بینین و بیســـتن بەشـــداری پێ بکات لە دروســـتکردنی هۆنراوەکەی و گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێنەر، واتا دروستکردنی شیعر و وێنەیە تەنیا بە وشە، (( وا پێویســـت دەکات شـــاعیر، وەکو وێنەکێش لە ڕێگەی هەســـتەوە ماناکان پێشـــکەشـــبکات، شـــاعیر شـــیعر وەک وێنە - تابلۆ بەکاردەهێنێ بۆ بینینی ڕاستەوخۆ )) لەلایەن پەیام وەرگرەوە. ( مکاوي, ١٩٨٧، ٣٣ ).

هەموو وێنەکێشـانێکی خەیاڵی کە شـاعیر دەیکێشـێ وەک ئەو وێنەیە وایە کە وێنەکێشێک دەی کێشێ. هەر بۆیەشە خوێنەر لەکاتی خوێنەوەیدا هەست بە لێهاتوویی شـــاعیر دەکات، لە تێکەڵاوکردنی وشـــە و وێنە لە بنیاتنانی هۆنراوەکەیدا. شـاعیر بەشـێوەیەکی وا وێنە دەکێشـێ، کە کاریگەری لەسـەر خوێنەر بەجێ بهێڵێ بۆیە ئەو وێنەیە دەبێتە وێنەیەکی هۆشـەکی بۆ وشـە و دێڕەکان لە هۆشوگۆشی خوێنەردا دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت.

**دەقی دووەم/**

**ترس**

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

ەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

پیاوێک تەقەم لێدەکات

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

تەقەم لێ دەکات پیاوێک

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

لە کۆڵانێکی تاریکەوە تەقەم لێ دەکات

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

لەسەر تۆیە کە دەمکوژن نەک لەسەرنیشتمان.

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە. (جەلیزاد, ٢٠١٥, ٣٥ )

ئەم هۆنراوەیە بە تەنیا ئەو شـــیعرە نییە کە شـــاعیر وا لێ دەکات، ببێتە وێنەکێش لە ڕێگەی وشـــەکـانییەوە و پێنووســـەکەشـــی ببێتە ڕەنـگ و سـێبەرەکانی، بەڵکۆ شـاعیر کارتێکەرییەکی ئەوتۆ بە خوێنەر ببەخشـێ لە پاڵ کارە زمانەوانییەکەی و ئاهەنگەکەیدا, وێنە و هێڵکارییەکەشـی بە چاو ببینێ و ببیستێ و دەستیشی لێبدات.

لە دێڕەکـانی ئەم هۆنراوەیە تۆمـارکردنی دیـاردەیەکی دیـاریکراو هەیە، ئەویش تۆمارکردنی بینینە لە میانەی دیاریکردنی دیاردەیەکی ترســـێنەر، کە ڕووداوێکی ناخۆشـــی لێدەکەوێتەوە چونکە تەقاندنی گوللە دەکرێ بڵێین هیوا برانە. ئەم هۆنراوەیە ڕاستگۆیی دڵی شـاعیر دەسـەلمێنێ، ڕوونی و ئاشکرایی وشـــە و دەنگەکان، ســـیمای ســـەرەکی دارشـــتنی زمان و نیگارکاری نێو هۆنراوەکەن، کە بەشـێوەیەکی زۆر سـادە و سـاکار و بە بەکار هێنانی وشـەی ڕەسـەنی کوردی خستوویەتیە ڕوو بۆ دروستکردنی تابلۆی شیعر.

لە ســـەرەتا و ناوەڕاســـت و کۆتایی هۆنراوەکەدا دیاردەی هێرش بردن دەبینرێت، لەلایەن کەسی ستەمکار، لێرەدا هەستی بینین وبیستن بە شێوەیەک تێک ئاڵاون کە خوێنەر لە یەک کاتدا چێژ لە هەردوو هەســـتەکە وەردەگرێ. چونکە (( سروشتی وێنە لاسایکردنەوەی شتی زیندووە, لە شیعری وێنەییدا وێنەکە بە وشـە دەکێشـرێت و پێکهێنەرەکانی بریتی دەبن لە هێڵی ڕاسـت و چەماوە و دێڕ و شێوەی سەڵیبی و هەندەسی )) ( الدلیمي, ؟, ١٠٤ ).

ناونیشـــانی هۆنراوەکە لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکە تەبا و گونجاوە، کە ترس و تەقەکردنە. دووبارەکردنەوەی دەنگی ( ە ) و ڕیزکردنیان بەشـێوەی هێڵێکی ئاسۆیی و جووت هێڵ کە لە شێوەی هاوتەریبی زمان و ڕێنووسدا ڕێکخراوە، هێمان بۆ دەســـترێژی گوللە کە ڕووبە ڕووی ســـتەم لێکراو تەقێنراون، لە هەمـان کـاتدا ئەو ژمارە زۆرەی دەنگی ( ە ) هێمایە بۆ ژمارەی زۆری گوللە تەقێنراوەکان و ژمارەی ئەو دەســترێژانەی کە کەســی تەقەکەر و هێرشـبەر

کردوویەتی و ئەو گوللانەی تەقاندوویەتی. لەگەڵ بینین و خوێندنەوەی ئەم هۆنراوەیە، هەســـت بە بوونی ڕووداوێکی ناخۆش و دڵتەزێن دەکەین، کە کەســی هێرشــبەر هێرش دەکاتە ســەر کەسـێکی بێدەســەڵات کە هیچی لە دەستدانییە وەڵامی بداتەوە، تەنیا هاوارکردن نەبێت. تاوانی کەسی بێدەسەڵات تەنها ئەوەیە کە یارەکەی خۆشـدەوێت، لێرەدا هێرشـبەر و تەقەکەر دوژمنێک نییە کە بێـت و نیشـــتمانەکەی شـــاعیر داگیر بکـات، بەڵکو لەســـەر خۆشـــەویســـتەکەی تەقەی لێدەکات و بە نیازە بیکوژێت، هەروەکو شـــاعیر ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: ( لەسەر تۆیە کە دەمکوژن نەک لەسەرنیشتمان ).

ئەم دووبـارەکردنەوەی دەنگی ( ە ) دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێ: ئەویش لایەنی ســـیمۆلۆژی و بینینکارییە، کە وێنەی فیشـــەکەکان و دەســـتڕێژی گوللەکان دیاری دەکات. لەلایەکی تریشــەوە ( ە ) هێمای ڕێنووسـیی دەنگێکی زمانە، کە دوو بـارە بووەتەوە. هەروەهـا یاریکردن بە دانە ڕێزمانییەکانی نێو ڕسـتە سـینتاکسـییەکان دەبینرێ, هەروەک دەڵێ: ( پیاوێک تەقەم لێ دەکات ) لە دێڕێکی تریشـــدا ( تەقەم لێ دەکات پیاوێک ), ئەم ئاڵوگۆڕ و یاریکردنە بۆ دوومەبەســتە: بۆســەرنج ڕاکێشـانی خوێنەرە, لەلایەکی تریشــەوە شـڵەژانی تەقەلێکراو نیشـاندەدات، کە لە بار و دۆخێکی مەترسـیدار دایە، واتە ســەرەتا تەقە لـێکـردنەکە کەم بـووە، تـرســـەکەش کەم بـووە، بـۆیە شـــێوازی قســـەکردنەکەشـی تا ڕادەیەک ئاســاییە، بەڵام دواتر کە دەســڕێژی گوللە و تەقەکردن زیـادی کردووە، ترســـەکەش گەیشـــتۆتە ڕادەیەک کە کەســـی تەقەلێکراو تووشـــی شـــڵەژانی دەروونی دەبێت و زمانی تاتڵە دەکات و دانە ڕێزمانییەکان بە لێڵی و ناڕێکی دەردەبڕێ، هەروەک دەڵێ: ( تەقەم لێ دەکات پیاوێک ). هەروەها دووبارەکردنەوەی دەنگی ( ە ) لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی هـاوتەریب و جووت لە دێڕەکاندا دووبارە بوونەتەوە، کە هێمان بۆ ژمارەی ئەو گوللانەی کە تەقێنراون، لەلایەکی تریشەوە ڕەنگە تاتڵەی گۆکردنی زمانی کەسی تەقەلێکراو و ترساو بێ، کە ئەو دەنگانەی بە هۆی باش گۆنەکردنەوە, ئاخاوتنەکەی بەم شێوەیە بێت و دەنگی ( ە ), بەریز دووبارە ببێتەوە.

خوێنەر لەم هۆنراوەیەدا لە یەک کاتدا لە دوو هەستەوە چێژ لەم هۆنراوەیە وەردەگرێ, ئەویش هەستی بینین و بیستنە. بۆیە ئەم هۆنراوەیە دەمێنێتەوە و لە بیری خوێنەر ناچێتەوە. سەرکەوتوویی ئەم هۆنراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی وشە و فراوانی دەسەڵاتی هێڵ و نیگارکاری و ئەندازەی دابەشبوونی وشە بەسەر لاپەڕەی کاغەزدا. بەکارهێنانی وێنە بۆ هەر بابەتێکی ئەدەبی بۆ ئەوەیە چاوی مرۆڤ بەوە ڕابهێنن کەوا شکڵ و شێوەی نوێ ببینێ، فیدەری نوێ و شتێکی تازە ببینێ، چونکە چاو ئامرازی هەستە بۆ یەکەم جار و پێش هەمووشتێک دەکەوێتە سەر تێکست هەر ئەمەش وا دەکات کە شاعیر لە شیعردا بیر لە شێوەیەکی شکلانی بکاتەوە. چونکە (( داهێنان بە پلەی دووەم پەیوەندی بە چاوەوە هەیە )) ( پیربال, کوردستانی نوێ, ١٩٩٦/٥/١٢ ). لەلایەکی تریشەوە هاندان و چالاک کردنی مێشکی خوێنەرە بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی عەقڵانییان بۆ بکات.

بڵاوکردنەوەی وشەکان لەسەر کاغەز لە بەرززترین هۆکارە دیارەکانی هونەری تەشکیلییە، کە ناسراوە بە هۆنراوەی نوێخوازی، وە شێوەیەکە لە شێوەکانی نوێخوازی و ئازاد کردنی چاوە بۆ هونەری تێکەڵاوکردنی وێنە و وشە، کە بەشێکە لە شۆڕشی زمانەوانی( عثمان، ٢٠١٤, ١١٣ ). شیعری ئەمڕۆ شان بە شانی زمان، (( کارکردنە لەسەر بەکارهێنان و ڕاگەیاندنی زمان لە شێوەی بیستن و بینینەوە. لەم جۆرە هونەرەدا شیعر وێنەیەکی یەکگرتووە، میکانیکییە و بینینێکی دەنگییە)) ( سەرچاوەی پێشوو، ١٠٢ ). واتە کۆمەڵە کارێکی کامڵبووی شێوەییە، لە شێوەی هونەر و چۆنیەتی بەهێزی لە میانەی پەیوەندیەکان و جووڵەی پێکهێنەرەکان. ئەویش دروستکردنی هۆنراوەی وێنەییە لە وشە و خاڵ و هێڵ و ڕەنگ و بەرجەستەکردن و بەستنی پەیوەندییەکان.

## ئەنجامەکان

١- شیعری وێنەیی کارکردنە لەسەر بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی زمان لە شێوەی بیستن و بینینەوە. لەم جۆرە هونەرەدا شیعر وێنەیەکی یەکگرتووە، میکانیکییە و بینینێکی دەنگییە.
٢- هەموو وێنەکێشانێکی خەیاڵی، کە شاعیر دەیکێشێ، وەک ئەو وێنەیە وایە، کە وێنەکێشێک دەی کێشێ.
٣- بڵاوکردنەوەی وشـــەکان لەســـەر کاغەز لە بەررزترین هۆکارە دیارەکانی هونەری تەشکیلییە، کە شاعیر لە هۆنراوەدا بەرجەستەی کردووە.
٤- کۆمەڵە کارێکی کامڵبووی شێوەییە، لە شێوەی هونەر و چۆنیەتی بەهێزی لە میانەی پەیوەندیەکان و جووڵەی پێکهێنەرەکان، کە شـــاعیر دروســـتی کردوون، وەک دووبارەکردنەوەی دەنگەکان و هاوتەریبی دێڕی دەنگەکان و ژمارەی ماتماتیکی.
٥- شـــاعیرانی نوێخواز هەوڵیانداوە گۆڕانکاری لە فۆرم و تەکنیکی ئاســـایی شـــیعریـدا بەرپـابکەن، وێنە و تۆبۆگرافیـای شـــیعری بگۆڕن. ئەمەش نزیکبوونەوەی شاعیری کوردە لە نیگار و شێوەکاری.
٦- مەبەســتی جەلیزادە لەم دەقانە گەیاندنی پەیامێکە بە خوێنەر بە شـێواز و سـتایڵێکی ئیستاتیکی و نوێ لە ڕێگەی هەر دوو هەستی بینین و بیستن, کەوا ڕاســـتگۆیی و وەفـاداری شـــاعیر دەردەخـات بەرامبەر بە یـار و بە خۆشەویستەکەی.
٧- شـاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقانەوە بوێری و چاونەترسـی و قارەمانی کەسـی ئەویندار دەردەخات، کە ئامادەیە بە تەنیا بەرامبەر هەموو کەســـانی ناحەز و دڵڕەق بوەستێتەوە لە پێناو گەیشتن بە یار.

**سەرچاوەکان**

أ- کوردی:

[١] - بەرزنجی، عەبدوللا تاهیر، ( ١٩٩٦ )، ئەم دەقانە و خەونی خۆ سـوان لە جیهانی بوونی زمانی شیعر، گ/ ڕامان، ژ/ (٤)، هەولێر.
٢- بەرزنجی، عەبـدوللا تـاهیر، ( ١٩٩٩ )، دەقی بینینکـاری و خوێنـدنەوەی، گ/ گەلاوێژی نوێ، ژ/ (١٢-١٣) ، ساڵی دووەم، سلێمانی.
٣- پیربال، صـباح ( ١٩٩٦ )،چاو پێکەوتن، لەگەڵ صباح پیربال، ڕ/ کوردستانی نوێ، ژ/ (١٢٨٢).
٤- پیربال، فەرهاد(٢٠٠٤)، ئەزموونی شێوەکارییەکانم لە نووسیندا، گ/ شین، ژ/ (١) هەولێر.
٥- پیربال، فەرهاد(٢٠٠٩)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ٣ ، سلێمانی.
٦- تـاهیر، تەڵعەت(١٩٩٩)، گفتوگۆی تەڵعەت تـاهیر لەگەڵ د. فەرهـاد پیربـاڵ دا، گ/ گەلاوێژینوێ، ژ/ (١٤) سلێمانی.
٧- تاهیر، نزار سـلێمان(٢٠١٤)، سـیمیۆلۆژیا و وێنێ دیتنی دهۆزانا هەڤچەرخا کوردیدا، نامەی دکتۆرا، فاکولتیا ئادابێ، زانکۆیا دهۆک.
٨- جەلال، ئەسکەندەر(١٩٩٨)، شیعری شێوەکاری یا شێوەکاری شیعر، گ/ ڕامان، ژ/ (٢٩)، هەولێر.
٩- جەلیزاد، قوبـادی(٢٠١٥)، چـاکەتێـک لە کۆنە دەکرم، چ١، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوە ئاراس، هەولێر.
١٠- ڕەفعەت، نەوزاد(١٩٨٧)، سێ کاتی دڵ، گ/ کاروان، ژ/ (٥٢)، هەولێر.
١١- زیـاب، ئەبو عوبەیدە عەبدوللا، هۆزانا نویخـازی ل دەڤەرا بـادینـان، چاپخـانـا وەزارەتا پەروەردە، چ١، هەولێر.
١٢- حسـن سـلێمان(١٩٨٧)، سـەرەتایێک بۆ تێگەیشـتنی هونەری تەشـکیلی، و. نەژاد عەزیز سورمێ، چاپخانەی حسام، چ١، بەغدا.
[١]٣- سـەڕاج، هاشـم(١٩٩٨)، قەیرانی داهێنان و بەرهەمهێنانی دەقی کراوەو زیندوو، ڕ/ ڕێگای کوردستان، ژ/ (٢٩٤).
[١]٤- عەبدوللا، پەروین(٢٠٠٦)، شیعری وێنەیی، گ/ شیعر، ژ/ (٢) هەولێر.
١٥- کوردستانی نوێ(١٩٩٤)، چاو پێکەوتن، لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤاری ( وێران )، ٢٥/ ١١/ ١٩٩٤.

١٦- گەردی، ســــەردار ئەحمەد(٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شــیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٧- میرە، ئەحمەد(٢٠١٢)، کاریگەریی بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەرکۆمەڵگای کوردی باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، چ١، سلێمانی.
١٨- یووسف، عەباس عەبدوڵلا(١٩٧٨)، لم نیازمە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
ب- عەرەبی:
١٩ – الدليمي، د. رياض هلال مطلك,(؟) الابعاد الجمالية للشـــكل الهندســـي في الفن البصري، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية المجلد/٤، العدد ١، موقع الكتروني.؟؟؟
٢٠ – حمداوي، جميل(٢٠٠٩)، فن القصيدة البصرية - الكونكريتية في الشعر المغربي المعاصر، موقع الكتروني.
٢١ – السامرائي, أ. م. يوسف طارق(٢٠١٤), الصور البصرية وتدخلاتها في شيعر الاكمة بشار بن برد، ،مجلة(سرد من رأى)،المجلد/١٠، السنه العاشرة.
٢٢ – عبيد،كلود(٢٠١٥)،جماليه الصـــوره، مجله الابتســـامه، مزكز تجميل الصـــور و الملفات والكتب، ( موقع الكتروني www.ibtesama.com )
٢٣ – عثمان, أ. د. اياد عبدالودود(٢٠١٤), سيميائية الشكل الكتابي واثره في تكوين الصورة البصرية، ، رساله دكتورا، كلية التربية للعلوم الانساني/ جامعة ديالى.
٢٤ – مكاوي، د. عبدالغفار(١٩٨٧), قصـــيدة و صـــورة، مجلس الطني للثقافة والفنون والاداب, كويت.
٢٥ – هدى, أوبيرة(٢٠١٢), مصطلح الشيعرية عند محمد بنيس، ، رسالة الماجستير، جامعة قاصدي مرباح، المغرب.

## ملخص البحث

### الشعر البصري و التكنيک الحديث لدى قوباد جەليزادە

إن حالة جدلية العلاقة بين الفن التشكيلي و الشعر و ظهور القصيدة البصرية بمسمياتها المختلفة ( التشكيلية, الكونكريتية، الالكترونية، ... ) في الادب الكردي له تاريخ الحديث نسبيا، مع كون الظاهرة ذات جذور عميقة في الادب الاجنبية, وهي تستند أساسا الى الفكرة القائلة بصعوبة الفصل بين الفنون و بالاخص ظاهرة التداخل الابداعي بين الفنون المختلفة. الدراسة الحالية تحاول تتبع الظاهرة تاريخييا و كيفية التنظير لها في الاتجاهات، النقدية الحديثة ومن ثم وردها الى الشعر الكردي الحداثوي، مستعرضا بالشرح والتفصيل نصين شعريين بصريين للشاعر قوباد جەليزادة.

تتكون الدراسة اجمالا من مقدمة و محورين رئسيين:

المحور الاول: تبحث في جذور الظاهرة الادبية, والمناقشات النظرية التي دارت وتدور حولها.

المحور الثاني: تتناول تطبيقات النص البصري في الشعر الكردي المعاصر، وبالاخص لدى الشاعر المذكور. واخيرا تأتي أهم النتائج الشتقاة من البحث، مرفقة بقائمة المصادر و خلاصتين باللغتين العربية و الانجليزية.



## Abstract

### The Visual Poetry and the Modernit Techniqve in Qubad Jalzada

The controversy in the fine art, Poetry and the appearance of the visual poem with all its terms ( visual, concrete or eletronic) in the Kurdish Literature is not old and its history is not rich as compared to the English literature. It is based on the saying that declares the difficulty in separating the different arts, specially interference of the creativity among the different arts. The present study tries to teace this phenomenon historically and how to put a theoretical framework according to the modern critical trends, till it got to the modernist Kurdish literature. The study deals with two visual poems for Qubad Jalzada.

The study consists of an introduction and two sections: the first section deals with the roots at the phenomenon and the theoretical debate over it.

Section two tackles the use of the visual tetr in the modernist and the contemporary Kurdish poetry in the poet under the study.

The study ends with the conclusions which sum up the most important findings of the study. followed by a list of bibliography

٢١ - الانزياح الكتابي في الشعر العربي المعاصر، د. علي اكبر محسني ورضا كياني، مجلة دراسات في اللغة العربية وادابها، جامعة سمنان الايرانية بالتعاون مع جامعة تشرين السورية، العدد الثاني، شتاء ٢٠١٣ .

٢٣ - بين الفن التشكيلي.. والشعر، صادق القاضي . ج- موقع الكتروني:

شش

ه

ڕڕڕ

ڕ================================

ششەڕڕ

______________________________ ششەڕ

ههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههه

هههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههههه

هههه

ههههه

هههه

هههههههههههههههششەڕ

---

- ش ه ڕ[1]

---

[1]- شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلیزادە, چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەلێر، ٢٠٠٧، ل ٥٢٠.